پوتن: پیلانگێڕەکان هەوڵدەدەن ڕوسیا ناسەقامگیر بکەن و دەبەت ڕێگریان لێبکرێت

سەرکی ڕوسیا ڤلادیمێر پوتن ڕۆژی هەینی لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕوسیادا ڕایگەیاند، "پیلانگێڕەکان" هەوڵدەدەن ڕوسیا ناسەقامگیر بکەن و دەبەت ڕێگریان لێبکرێت.

وتیشی، پێویستە هەموو شتێک بکەین بۆ ئەوەی دنیابین لەوەی لە هیچ بارودۆخێکدا ناتوانن ئەو کارە بکەن.

لەمیانەی کۆبوونەوەکەدا پوتن پێشنیاری گفتوگۆکردنی کرد لەسەر بابەتکانی پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و پرسی ئاسایش و جێختی لەوە کردەوە کە ئەو بابەتانە بۆ ڕوسیا زۆر گرنگن.

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئینتۆنی بلینکن ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند، "هاوپەیمانێتی ناتۆ یەکگرتووەکان و گرنگی بۆ هێرشەکانی ڕوسیا نادات و ئاماژەی بەوەشکرد مەسکۆ شکستی هێناوە لە شکاندنی هاوپەیمانێتیەکە بەهۆی پێکەوەژیانی ئەندامانیەوە".

بلینکن وتیشی، "ئەمە پشتیوانی لە ئۆکرایناکەین بۆ ئەوەی بتوانێت سەروەریی خۆی بەسەر خاکەکەیدا بگەڕێنێتەوە"، بلینکن لە وتارەکەیدا لە وەاتی فینلەندا وتی، "ڕوسیا سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئۆکرایناکەی پێشێلکردووە".